

# ئانا فرۆید Anna Freud

## رابـــەری تـێـگـەیـشـتـن لە سروشتی راستەقینەی منداڵ

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

ئانا فرۆید (-1895 1982)، شەشەمین منداڵی سیگمۆند فرۆید، درێژپێدەری رێبازەکەی باوکی بووە، بەیەکێك لە گەشەپێدەرانی بواری سایکۆلۆژیای شیکاری دادەنرێت. ئانا لەگەڵ میلان کلێین- دەروونشیکاری نەمسایی، بەریتانی- بە دامەزرێنەری رێبازی سایکۆلۆژیای دەررونشیکاری منداڵا دادەنرێت. لەم سۆنگەیەوە، خودی فرۆید ئاماژەی بە رۆڵی کاریگەری میلان کلێین و کچکەی داوە لە بواری سایکۆلۆژیای دەروونشیکاری منداڵا. بەراوورد بە فرۆید، ئانا گرنگی خستۆتە سەر (من- ego) و پێی وایە ئەو بەشەی کەسایەتی مرۆڤ دەکرێت مەشقی پێبکرێت لە رووی کۆمەڵایەتییەوە.

ئانا، ژیانێکی منداڵی نائاسوودەی بەسەر بردووە، پەیوەندی باشی لەگەڵ دایك و منداڵەکانی ناو خێزانەکەی نەبووە، بەتایبەتی سۆفیای خوشکی کە کەسێکی جوانتر و سەرنجراکێشتربووە. لەم بارەیەوە فرۆید پیی وابووە ئەو دوو خوشکە نوێنەرایەتی دوو جۆری جیاواز دەکەن یەکێکیان (جوانی)ە ئەوی تریشیان (ژیری). بەپێچەوانەی دایك و خوشك و براکانی، ئانا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ باوکی هەبووە و فرۆید لە بیرەوەریەکانیدا زۆرتر لە هەموو ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی باسی کردووە، هەروەها فرۆید نوسیویەتی کە ئانا ئەوەندەی لە باوکی و میوانەکانیماڵەوە فێربووە هێندە لە خوێندنگە فێرنەبووە. دوای وەرگرتنی چەند مەشق و راهێنانێك دەبێتە مامۆستا، بەڵام واز لە کاری مامۆستایەتی دەهێنێت و لەگەڵ باوکی پاشان بە تەنها خەریکی کاری دەروونشیکاری دەبێت، دواتر لە چەندین پۆست و پلەی جیاوازی تایبەت بە پسپۆڕییەکەی درێژە بە کارەکانی دەدات. دوای باڵا دەستبوونی نازییەکان لە وڵاتی نەمسا، ساڵی 1938 ناچار دەبێت ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێت، رووەدەکاتە بەریتانیا و لەوێ درێژە بە کارەکانی دەدات، لە 9ی ئۆکتۆبەری 1982 لە شاری لەندەن کۆچی دوایی دەکات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئانا فرۆید بە تەنها گرنگی نەخستۆتە سەر لایەنی تیۆری کارەکانی، بەڵکو کەسێکی کردەنی بووە و زۆر گرنگی بە لایەنی پراکتیکی کارەکەی داوە. لەو چوارچێوەیەشدا زۆربەی کارەکانی تەرخان کردووە بۆ شیکردنەوەی سایکۆلۆژیای منداڵان و هەرزەکاران.

ئانا پێی وابووە زۆربەی کارەکانی باوکی گرنگیدانبووە بە کەسانی گەورە، زۆربەی بۆچوونەکانی لە گۆشەنیگای گەورانەوە نوسراون، بۆیە پێویستە تیشك بخرێتە سەر منداڵانیش، چونکە ناخۆشی و ناڕەحەتییە خێزانییەکان بەرهەمی رووداوەکانی ئێستان نەوەك بیرهاتنەوەی ناخۆشیەکانی پێشوو.

لە قۆناغی منداڵیدا خێزان رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ژیانی منداڵەکەیان، بۆیە ناکرێت ئەم رۆڵە لە چارەسەرکردنی منداڵاندان فەرامۆش بکرێت، هەروەها ئانا پێی وایە توانا هێماییەکانی منداڵان جیاوازی هەیە لەگەڵ توانا هێمایەکانی کەسانی گەورە و پێگەیشتوو. منداڵان و هەرزەکاران وەك کەسانی گەورە ناتوانن گرفتە سۆزداری و گرفتەکانی تریان لە رێگای هێمای ئاڵۆزەوە دەرببڕن، زۆربەی گرفتەکانی منداڵان پەیوەندی بە (ئێستا و ئێرە) وە هەیە، هەربۆیە گرفتەکانی منداڵان نزیکە لە رووکەش و بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بێ هێمای ئاڵۆز لەلایەن منداڵانەوە دەردەبڕدرێن.

لەبەر ئەوەی گرفتەکانی منداڵان پەیوەندی بە ئێستاوە هەیە، ئانا فرۆید، دووبارە ئەو گرفتانەی دارشتۆتەوە کە پەیوەندیان بە قۆناغەکانی گەشەی منداڵەوە هەیە. منداڵان بەگشتی چاو لەیەکتری دەکەن و لاسایی یەکتر دەکەنەوە، بۆیە ئەگەر منداڵێك وەك هاوتەمەنەکانی هەڵسوکەوتی کرد ئەو شتێکی تەندروستە، بەڵام ئەگەر لایەنێکی گەشەی منداڵا دواکەوت بەراوورد بە هاوتەمەنەکانی ئەوکاتە پزیشك دەتوانێت گریمانەی ئەوە بکات کە گرفتێك هەیە.

هەندێك لە وتە و بۆچوونەکانی:

* هەمیشە سەیری دەرەوەم دەکرد بۆ بەدەستهێنانی هێز و متمانە، بەڵام هێز و متانە لەناوەوە دێن، هەموو شتێك بەردەوام لەوێیە.

* خۆمان بەند کردووە لە شانشینی ژیان وەك دەریاوانێك لەناو بەلەمە بچوکەکەی لەسەر ئۆقیانووسێکی بێسنوور.

* زۆربەی جار، شتەجوانەکان، بەبێ چاوەڕوانی و بەبێ بەدەستهێنان، دێن بۆمان. ئەو شتانە بەڕاستی وەك دیاری وان.


سەرچاوەکان:

1. http://en.wikipedia.org/wiki/Anna_Freud

2. http://webspace.ship.edu/cgboer/annafreud.html